چوار شەممە (١٠) كانونی دووەم (یەنایەر)ی ٢٠٠٧ ژمارە (٧٢٣) ساڵی (٦١)

ڕێگای كوردستان

# ڕفاندن، دیاردەیەكی باوی بەغدایە

## چیرۆكێك، یان ڕووداوێكە وەك خۆی



ئا: سەلام عومەر

**زوهرە خالید دەڵێ:** ئەو ڕۆژەی براكەم منی گەیاندە بازاڕی كەڕادەی ناو بەغدا، زیاتر لە سێ مانگ بوو نەمتوانیبوو بازاڕ ببینم، بۆیە لە پاڵ ئەو ترسە زۆرەش كە هەموو گیانمی دەلەرزاند، بەبینینی دوكانەكانی بازاڕی كەڕادەو بەتایبەت ئەو جامخانانەی پڕبوون لە شتو مەكی خۆجوانكردنو ڕازاندنەوەی ئافرەتان دڵم كرایەوە، هەستم كرد دوای سێ مانگ من لە بەندیخانە ڕزگارم بوەو دەتوانم بە ئارەزووی خۆم پیاسە بكەمو شت بكڕم، دەتوانم پیاوە پۆشتەكان ببینمو سەرنجی ئەو لاوانە ڕاكێشم كە تینووی ئافرەتاننو ئەوانیش وەكوجاران پرچی ڕەنگاو ڕەنگو بەرگی تەسكو باڵای شۆخو شەنگ نابینن.

ئەو ڕۆژە هەرچەندە لە دەوروبەرم ڕادەمام زیاتر ترسو دڵەڕاوكێ چۆكەكانمی دەلەرزاند، پێم وابوو گروپە توندڕەوەكان ئەوانەی مەترسین بۆ ئافرەتانی كراوەو ئازاد بەدوومەوەنو لە هەر كاتێكدا بێت دەمرفێننو جارێكی دی جوانییەكان نابینمەوە، جارێكی دی لاوەكان سەرنجم لێنادەنو كەفو كوڵی لاویەتیان لەناو نیگاكانیاندا ناتوێننەوە، بۆیە خۆم بە تەنها دەدیتو تاكو تەرای ئافرەتانی وەك من نەبێ، كە هەریەكەیان دوو سێ پیاوی لەگەڵ بوو لە بازاڕی كەڕادەی ناو بەغدا بەدی نەدەكرا.

ئەو ڕۆژە لە خۆ ڕازاندنەوەی خۆم پەشیمان بوومەوە، لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیم بە براكەم كردەوە بەڵام تا ئەو گەیشت كار لەكار ترازا، تەقینەوەیەك جامخانەكانی وردو خاش كردو منیشیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێكی جام ڕەشی پۆلیسیو چریكەو هاوارم بەرگوێی كەس نەدەكەوت، زانیم ئەوانە پۆلیس نینو سەرچاوەی ئەو ترسەن كە سێ مانگە منی لە بەندیخانەی ماڵەوەدا ئاخنیوە، خێرایی ئۆتۆمبێلەكەش زیاتر ترسی لە دڵم داچاندو زۆری نەبرد سەریان گرتمو خستیانە سەرپێیەكانیان، بۆنی باروتو پۆستاڵی توندڕەوەكان هێندە ناخۆش بوو هەرەسی پێهێنام، ئاگام لە خۆم نەماو كە چاوم كردەوە، لەناو ماڵێكدامو سێ دەمامك لە مل كە تەنها چاویان دیاربوو هەردوو دەستو پێیان بەستمەوەو جانتاكەشیان لێستاندم، مۆبایلەكەیان دەرهێناو دەرگایان بەزنجیر داخست، ترسێك هەموو گیانمی تەنیو پێم وابوو ئیدی ڕووناكی نابینمەوە، نەمدەتوانی هیچ بڵێمو تەنها ڕووناكییەكیش كە لە ژوورەكەدا هەبوو ئەو پەنجەرە ئاسنینەبوو كە بە ژێر سایپتەی ژوورەكەوە بوو.

كات نەدەڕۆیی، بیركردنەوەش لە مردنو سووكایەتیو ئابڕووتكان، ئەو دێوەزمە ترسناكەبوو كە سێ مانگ منی لە ماڵێ عاسێ كردو ئەنجام تەنها بۆ چوونە بازاڕو كڕینی چەند پێداویستییەكی ژنانە، چارەنووسم بەم شوێنە گەیشت كەلێی دەترسام، ئاخر ئافرەتانی بەغدا چەند لە ڕووی پێشكەوتنخوازیشەوە، یان لەلایەنی هزریو كرانەوەدا لە پێش ئەوانی دیش بن، بەڵام كلتورێكی بۆماوە هەیەو ڕێگە نادات پێداویستی تایبەت كە ژن بەكاریدەهێنن باوكو برات بۆت بكڕێ، خۆ حەزی دنیا دێتنو سەرنج ڕاكێشانی دەوروبەر بۆ لای خۆت ئەویش ئارەزووێكەو هەر هەموو ئافرەتان شانازی پێوە دەكەن، بۆیە منیش لە ژێر فشاری (هەژانەمدا) بەناو مەترسییەكاندا ڕەتبوومو خۆم لەم شوێنە پڕ لە مەترسییە دیتەوە كە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی ئێرەی لەماڵێكدا عاسێ كردووە.

زۆری نەبرد ئەو ڕووناكییەی لە پەنجەرە ئاسنینەكەوە دەهاتە ژووری نەما، زانیم كە شەو داهاتو چارەنووسم لەمشەوەدا قۆناغێكی دی بەخۆوە دەگرێ، زۆر نابا، دەمامك لەسەرەكان دێنە ویژەمو ئەوەی من نامەوێ پێم دەكەن، بێ خەتا خەتابارم دەكەنو كەسو كاریشم دەبێت لە كوچەو كۆڵانەكانی بەغدا لە لاشەی هەلا بە هەلابووم بگەڕێن، وەكو ئەو هەموو لاشەیەی ڕۆژانە لە شەقامەكاندا دەدۆزرێنەوەو جەستەیان كون كون كراوە.

ئەو كاتەی تاریكی تەواوی ژوورەكەمی تەنی، من بە دەستو پێ بەستراوی بە كورسییەكی ئاسنینەوە هەموو گیانم دەلەرزی، یادەوەرییەكانی منداڵیمو هەڵهەڵەكانی ئەو ڕۆژانەی بەغدای تێدا ئازادكرا بە خێرایی بەهزرمدا ڕەتدەبوون، بیركردنەوەش لە كەسو كارمو ئەو كارەساتەی بەسەرم هات هێندەی دی ئازاری دەدام، پێم وابوو ئەوەی من نامەوێ ئێستا دێتەدیو ژیان لەمن دەكەنە دۆزەخ، چونكە پێشتر خوێندبوومەوە كە تیرۆریستان سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ هەر ئافرەتێك لەچك لەسەر نەكاو لەناو دەزگایەك یان شوێنێك ئیش بكات سەربە حكومەتو ڕێكخراوە بیانییەكان بێت!

ئێ منیش ماوەی سێ ساڵان لە دەزگایەك كاری تایپێستیم بۆ ڕۆژنامەیەك كردووەو تەنها پێنج مانگ بوو جێم هێشتبوو، بۆیە دەترسام زانیاریان لەسەرم كۆكردبێتەوەو بەپێی نەخشەو پلان ئەم داوەیان بۆ من نابێتەوە، بۆیە لەم ساتە زۆر تاریكەدا پەشیمان بووم لە بوونو لە دایك بوونو خوێندنو ئەو ڕەگەزەش كە بێ پرس بەسەرمدا سەپاوە، خۆزگەم دەخواست ئەمڕۆش وەك ڕۆژانی دی نەهاتبامە دەرێو لە ماڵەوە خۆم بەو پەڕۆو پاتاڵانەوە خەریك كردبا كە لێیان ڕاهاتبووم.

ڕێك لەوبیركردنەوانەدا بووم دەنگی ئافرەتێك ڕایچەڵەكاندم دەرگایان كردەوەو گلۆپی ژوورەكەیان داگیرساند، دیتم ژنێكی دەمامك دارو دوو پیاوی ڕەش پۆش لێم هاتنە ژوورێ، دەمیان كردمەوەو مۆبایلەكەی خۆمم بە دەستیانەوە ناسیەوەو یەكێك لە پیاوەكان زۆر بە توڕەییەوە گوتی: ژمارەی مۆبایلی مێردەكەت چەندە؟

منیش بە بینینی ئافرەت لەگەڵیانو ئەم پرسیارە تێگەیشتم هیچ زانیاریەكیان لەسەر من نییە، بۆیە كەمێك هێوربوومەوەو گوتم:مێردم نییە، ئەوجارە گوتی: ژمارەی باوكت برات، نزیكترین كەست، لەو كاتانەشدا ئەو ئافرەتەی لەگەڵیان بوو خەریكی كردنەوەی دەستو پێم بوو بۆیە مۆبایلەكەم لێوەرگرتو ژمارەی مۆبایلی براكەمم پیشاندان.

پیاوەكان ڕۆشتنە دەرێو ئافرەتەكە زۆر بە توڕەییەوە گوتی: بەتەنێو مێردیشت نییە چیت دەكرد لە بازاڕ، منیش لەوكاتەدا بۆم هاتو گوتم بە تەنێ نەبوومو براو براژنم لەگەڵ بوو، بەڵام بەهۆی تەقینەوەكەوە لێكدابڕاین،ئیدی زۆری پرسیاركردو دواتر هەندێ ئاوو لەچكێكی بۆ هێنام لەسەرم كرد، ئەوشەوە بە تەنهاو جارێكی دی دەستیان بەستمەوەو لە ژوورەوە خەواندیانم، بەڵام نەك خەوم لێنەكەوت لە ترسان خەریك بوو شەق بەرم.

بە ڕووناكی پەنجەرەی بنمیچی ژوورەكەوە زانیم ڕۆژ بۆوە، زۆری نەبرد ئافرەتەكە هاتەوەو خواردنی بەیانی بۆ هێنام هەر چۆنێك بوو چایەكەم خواردەوەو یەك لە دەمامك بەسەرەكان بە ژوور كەوتو گوتی ها لەگەڵ برایەكەت بدوێ،منیش تەنها توانیم ئەوەندەی پێ بڵێم كە سەلامەتمو لە ژوورێك بەندكراوم، زیاتر نەیانهێشت هیچ بڵێم كە مۆبایلەكەی داخستەوە پێم گوتن چتان لەمن دەوێ؟ پیاوە دەمامك بەسەرەكە بەزمانی جنێوو زۆر بە ناشیرینی گوتی: ئەو بێ قیمەتەی برات دەڵێ سێ دەفتەر دۆلارمان نییە!! كە باسی دۆلارو پارەو ئەوشتانەكرا، بەتایبەتیش ئەو ئافرەتەی لەگەڵیان بوو، هێندەی دی هاتمەوە سەرخۆ، ڕۆژی یەكەمو دووەمی ئەو ژوورە ترسناكەم زۆر بەزەحمەت لێ ڕۆیی، بەڵام ڕۆژەكانی دواتر لەگەڵی ڕاهاتمو بەتایبەتیش كە لێم شارەزابوونو زانیان هیچم پێناكرێ، بۆیە ژنێكیان لەلا دەخەواندمو تا ئەو ساتەی ١٢٥ وەرەقە لەلایەن كەسوكارمەوە بۆیان كۆكرایەوەو ئەوانیش بەیانییەكی زۆر زوو بە چاوی بەستراو منیان لە ماڵەكە هێنایە دەرەوەو نزیكەی یەك كاتژمێر لەناو ئۆتۆمبێل دابووم، دواتر ئازادیان كردمو كە تەماشای ناو جانتاكەم كرد، تەنها ١٠ هەزار دیناری چاپیان جێهێشتبوو، سیم كارتی مۆبایلو پێناسو هەندێ لە كەرەستەی جوانكارییەكانیش مابوون، منیش زۆر بە خێراییو بەترسو لەرزەوە تەكسیەكم ڕاگرتو گوتم ئێرە كوێیە، گوتی بەغداد جدیدەیە، منیش دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆكە، بەڵام زۆر بە خێرایی داوام لێكرد بمگەیەنێتەوە كازمیەو دوای گەیشتنیشم بەماڵەوە كەسو كارو خزمو دۆستو ناسیاوەكانم بەتایبەت دایكم بە جۆرێك دیت كە هەرگیز لە بیری ناكەم، نازانم لە خۆشیان بوو یان ناخۆشی هەر هەموومان دەگریاین، گریانێك لە یەكەم ڕۆژی ڕفاندنەكەوە دەستی پێكردەوەو پێم وانییە قەد كۆتایی بێت..

# شۆڕشی قەیرەكان

گوڵاڵە سالح

ڕێك لەو شوێنەدا خۆم بە تەنها دیتەوە كە دیم كە چۆن خزمەتكارە بیانییەكان دێنو خزمەتی ئەو بەرپرسانە دەكەن، كە پێشترو ئێستاش خۆیان بە خزمەتكاری گەلی خۆیان دادەنا، ئەوان ئەو كچە ڕەشو ڕووتە ئەسیوبیو بیانیانەی دێنە ئێرە، خۆیان لەو باڵەخانە شوشەیینانەدا دەبیننەوە كە پێشتر نەبوون، پێشتر قەد بیر لەوە نەكراوەتەوە ئافرەتە شۆخو شەنگەكانی ئێرە جارێكی دی بگەڕێنە دواوەو وەك ئاغا ژنەكان خزمەتكاریان هەبێ، ئاخر ئەوكاتەی ئاغاكان خزمەتكاریان هەبوو و شۆڕشێك دژیان بەرپاكراو جوتیارەكان ڕازی نەبوون چیدی لەژێر دەستی ئاغادا بچەوسێنرێنەوەو ژنەكانیان خزمەتی ماڵە ئاغایان بكەن، هەر بۆیە خۆم بەتەنها دەبینمو پێم وایە ئەم كچە بیانیانە ڕێگرن لەبەردەم ئەم پێشكەوتنو شۆڕشە فیونزمەی دەمانەوێ لێرە بیكەین. تەنهامو ترسم هەیە، گومان لەو مافە سەرەتاییو جێگیرانە دەكەم كە لەدەستوردا بۆمان نوسراوتەوە دەمەوێ جارێكی دی نۆكەرو خزمەتچیو شتی لەم بابەتە لە وڵاتەكەم تەشەنە نەكەنو ئافرەتە ڕازاوەكانی ئێرە بەهاوكاری ئاغا تەزویرەكان خۆیان ئەركی ماڵەوە جێبەجێ بكەنو، نە ئاغاو نە شۆڕشی چینایەتی دووبارە نەبێتەوە، لەوكاتە زۆر هەستیارەدا كە هەر هەموو لایەك بەرگری لەمافی ئافرەت دەكەین، دەكرێ ئەم مافانە گشتگیر بێتو وەكو یەك سەیری ئافرەتێكی كوردو ئەسیوبیو سۆماڵی بكرێ، كەی ئافرەتانی كورد ئەوەندە دەستو پێ سپی بوون نەتوانن ئەركی ماڵەوە ڕاپەڕێنن؟!، ئەی ئەوان نەبوون لەگوندەكان هاوشانی پیاو لەدەرەوەی ماڵو ناوەوەش ئەركەكانیان ڕادەپەڕاند، ئەدی ئێستا نابینن زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەو فەرمانگەكان ئافرەتان پڕیان كردۆتەوەو هاوشانی پیاوەكانمان كار دەكەن، بۆ ئەو وێنە جوانەی ئافرەتی كورد ناشیرین كەینو بۆ خاتری چەند ماڵە بەرپرسێك كردەیەك كە هەرگیز بیری لێنەكراوەتەوە ئێستا ببێتە دیاردە؟!.

ئاخر چۆن خۆم بەتەنها نەبینم لەوەتەی پرۆسەی ئازادی لەم وڵاتەی ئێمەدا دەستی پێكردووە لاوەكانمان كۆچ دەكەن. لەوێ لەم وڵاتە بیانیانەی كە هەر تۆزێك لەئێمە پێشكەوتووترن هەموو كارێك دەكەن، دوو ئەوەندەی ئافرەتە خزمەتكارە بیانییەكانی ئێرە كاردەكەن، هەموو ئەو ئیشانە دەكەن كە ئەوان نایكەنو چەوساندنەوەو نامۆیی بڕستی لێبڕیون، لێرەش خزمەتكاری بیانی هەنو كۆمپانیاكان پڕاو پڕن لە كرێگرتەی ئەو وڵاتە هەرێمایەتیانەی ئێمەیان خۆش ناوێ، تا كرێكارێكی توركیو عەرەب هەبێت كرێكاری خۆمان بێكارن باشە قەد بیر لەوە نەكراوەتەوە ئەو كرێیەی دەدرێت بەكرێكاری خۆمان ئەگەر هەر چەندێك بێت بۆ خۆمانەو، بەڵام ئەوەی دەدرێتە بیانیەكان سامانێكی نیشتمانی قەبەیەو بەهەدەر دەچێ؟!

بەڵێ ڕێك لەو شوێنانەدا خۆم بەتەنها دەبینم كە جیاوازییەكانی تێدا دووبارە دەبێتەوە، جیاوازی نێوان ئافرەتانی ئێرەو ئەوێو كرێی كرێكارانی ئێرەو ئەوێو كاڵا پەراوێز خراوەكانی ئێرەو شتە بەباقو بریقەكانی ئەوێ، لەنێوان ئەم هەموو دیاردە نوێیانەدا خەریكم لەناو هەزاران ئافرەتی وەكو خۆمدا ون دەبمو خۆم بەتەنهایی دەبینمەوە، هەست دەكەم چەند تەوژمی كۆچی لاوان وەكو زەنگێكی مەترسیدار لێدەدا لەداخی ئەم هەموو دیاردە ناوازانەی وەك پلانێك بۆ ئێمە دادەڕێژرێن، لەئایندەدا شۆڕشێك بەرپا دەكەین ناوی دەنێین شۆڕشی قەیرەكان، یان شۆڕش دژی ئەو كەسو بیانیانەی دەیانەوێ مافەكانمان لێ قوت دەن جێمان بگرنەوەو لاوەكانمان تەفرو تونا كەن.

*مامۆستا لە پەیمانگای ئاوات بۆ بیركۆڵەكان

# مامۆستا عەرەبەكانو ئایندەی زانكۆكانی كوردستان

نەجات ڕوستی

لە چەند ساڵی ڕابردوو زانكۆو ناوەندەكانی تری خوێندنی باڵا، بەرفراوانییەكی زۆریان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە ڕووی كردنەوەی بەشی نوێ لە كۆلێژو پەیمانگاو ناوەندەكانی تر، بەشێوەیەكی خێرا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بكرێ، مامۆستای پسپۆڕو شارەزای پێویست هەیە لەم بوارانەدا، قسەمان لەسەركردنەوەیا نییە چەندە بەسوودن، فراوانكردنی بوارە جیاجیاكانی خوێندنو پێگەیاندنی كەسی تایبەتمەند بێگومان دامو دەزگاكانی حكومەت زیاتر گەشە بەخۆیەوە دەبینن، بەڵام لە دوای كردنەوەیان چەندین كێشەی زانستی دێنە پێشەوە بەهۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕو شارەزا، بەشەكان تووشی ئیفلیجی دەبن ئەو خوێندكارانەی لەم بەشانە تەواوی دەكەن ئاستی زانستیان نزم دەبێت بەهۆی نەخوێندنەوەی وانەی پێویست تەواونەكردنی ئەو پرۆگرامەی بۆیان دانەنراوە بكەن لە كاتی دیاریكراو، دوای كردنەوەی ڕشتەكان ناتوانن بەشەكان دابخەن چونكە تازە بە كۆڵیان داهاتووە، بۆیە بە ناچاری لێرە لەوێ هەوڵ دەدەن ئەو بۆشاییانە پڕ بكەنەوە كە لە ڕووی مامۆستاو كەسی پسپۆڕو شارەزایی لە بوارە جیاجیاكان گرنگ نییە توانای هەیە تا چەند خوێندكاران سوودمەند دەبن، هەر لەبەر ئەوەشە كە ئاستی زانستی خوێندكاران بەشێوەیەكی ئێجگار زۆر دابەزیوە، ئەو مامۆستایانەی لە بەغداو شوێنەكانی تری عێراق دێنە كوردستان هیچیان كوردی نازانن، بە پێچەوانەشەوە خوێندكاران بەشێوەیەكی گشتی ٩٠٪ زمانی عەرەبی بە باشی نازاننو لێیان تێناگەن، هەندێ لە خوێندكارەكان دەڵێن كە مامۆستای عەرەب وانەكانمان پێ دەڵێ وادەزانین گوێزمان بۆ دەژمێرێ هیچی لێ تێناگەین، ناچارین بە دوای كەسێك بگەڕێین وانەكانمان بۆ بكاتەوە كوردی لە تاقیكردنەوەش بە كوردی وەڵام دەدەینەوە بۆیە جاری واهەیە هەموومان دەكەوین، چونكە مامۆستاكە كوردی نازانێت، مامۆستای واش هەیە هەموومان دەردەچوێنی بە نمرەی بەرز چونكە كوردی نازانێ.

نازانێ چیمان نووسیوە گرنگ ئەوەیە دەفتەری ئیمتحانی بۆ پڕ بكەینەوە بۆ ئەوەی سەروی خوییو خوێندكارەكان لێی ڕازی بنو موچەكەی بەردەوام بێت گوێ ناداتە ئاستی بەرزیو نزمی خوێندن، بۆیە خوێندكاران، لەو ئاستەدانین كە خوێندنیان تەواوكرد بەشێوەیەكی سەركەوتوو لە بوارەكەی خۆیاندا كار بكەن، هەر بۆیە ناوبانگی زانكۆو ناوەندەكانی تر، لە نێو كۆمەڵ بە چاوێكی زانستیانەی كەم سەیر دەكرێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی حەفتاو هەشتاكانو بەراوردێك لە نێوان خوێندكارانی ئەوساو ئێستادا بكەین، لەگەڵ ئەو هەموو پەرەسەندنەو پێشكەوتنەی كە ئێستا هەیە ئاستی خوێندنی ئەوسا بەشێوەیەكی زۆر لە ئێستا باشتربوو، بە دانپێنانی ئەو مامۆستایانەی كە ئێستا لە زانكۆ مامۆستانو ئەوسا خوێندكاربوون، ڕەنگە هۆكارەكەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە خوێندكار وەك پێویست لە دوای وانەكان داناچێ، هۆكارێكی سەرەكی تر ئەوەیە كە مامۆستایانی زانكۆ لە ئاست پێویستدا نین بەدەر لە هەندێكیان، ئەوەی لە نێو زانكۆدا بووبێ شتی وا دەبینێ، ڕەنگە لە قووتووی هیچ عەتارێكدا نەبووبێ.

دوای پێویست نازاننو مامۆستای عەرەبی بۆ دەهێنن، لە هەفتەی چەند جارێك خۆی دەكاتە هۆڵی وانە وتنەوەو دەست دەكات بە وانە وتنەوە بەبێ ئەوەی كە خوێندكاران هیچی لێ حاڵی بن، ئەگەر خوێندكار زمانی عەرەبی نەزانن زۆر ئاساییە چونكە لە سەرەتاییەوە تا زانكۆ بە زمانی كوردی خوێندویەتی، لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا هیچ پەیوەندییەكی كوردستان بە بەغداوە نەمابوو، تا ڕووخاندنی ڕژێم، كە مامۆستا دێتە ژوورەوە نە مامۆستا لە خوێندكاران تێدەگاتو نەخوێندكار لە مامۆستا، جگەلەمەش پارەیەكی زۆریان بۆ سەرف دەكرێ كە نیوەی ئەوان بۆ مامۆستایانی خۆمان سەرف ناكرێت، ئەو جیاوازییانە بۆچی یان. . ..؟ پێمان ناڵێن ئەو خوێندكارانەی عەرەبی نازاننو لە تاقیكردنەوەكان بە كوردی وەڵام دەداتەوەو مامۆستای عەرەب كوردی نازانێت چۆن نمرەكانیان بۆ دادەنێن؟

